www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-10-2007 16:56

**گەلەکۆمەکییەکی تازە دژ بە کورد... شەماڵ حەویزی**

رەنگە زۆر کەسایەتی سیایی کورد و غەیرە کورد هەبن، کەپێیان وا بێت ئەمڕۆ کوردستانی باشوور بە ئاقارێکی باش تێدەپەرێت ودۆست وپێگەی باشی لە دنیادا بۆخۆی دەستەبەر کردووە و مەترسی دەرەکیی تا رادەیەکی باش لە سەر نەماوە، بەڵام خۆشبەختانە رووداوەکان زۆر جار لەم خەوە خۆشە رامانەدەچڵەکێنن (هەرچەندە زۆر کەم دەرس وپەندیان لێوەردەگرین) .



لەم مانگەدا کە زۆربەی خەڵکەکەمان بە بژێوی رۆژانە سەرقاڵن وپتر خەریکی رۆژوگرتن و راکەراکەن بەدوای خواردن تارادەی لە رادەبەدەر، ئەم چەند رووداوە بەنموونە دێنمەوە کە بە ئاشکرا وبی پەردە ئەو راستتیە دەردەخەن کە کورد تا چ رادەیەك ناحەزو دوژمنی ئاشکراو شاراوەی هەیە و هەرهەمووشیان بێسرەوتن دژ بە مافە سادە و سروشتییەکانی خەریکی پیلان گێڕانن:

یەکەم کردنی عێراق بە سی هەرێم:

لە رۆژانەدا ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بڕیارێکی دەرکرد کە چارەنووسی عێراق وا دەخوازێت بکرێت بە سی هەرێم (کورد، شیعە و سوننە) لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا، هەر لە دوای راگەیاندنی بڕیارەکە (هەر چەندە بڕیاریکی نامولزەمیشە) سەرۆك وەزیرانی عێراق کە نوێنەرایەتی زۆرینەیەکی بەرچاوی شیعەی عێراق دەکات، جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بە مایەی کارەساتێکی گەورە وەسف کرد بۆ سەر عێراق و ناوچەکە، وەکو ئەوەی ئێستا عێراق لە سایەی حوکمی جەنابیان گەلەك حەساوە و ئاسوودە بێت. دیارە دەستەی زانایانی موسڵمان، کە بێگومان دەمڕاستی راستەقینەی زۆربەی هەرەزۆری سوننەی عەرەبە، لە سەرزاری سەرۆکەکەیان پشتیوانی کردن لەم بڕیارەی بە خیانەت لە ئیسلام ونیشتمان لە قەڵەم داوە. ئەوەی نوزەیەکی پشتیوانی لەم بڕیارە لێوە هاتبێت حکومەتی هەرێم بووە.

دووەم رێکەتننامەی عێراق-تورکیا:

هەردوو وەزیری ناوخۆی عێراق وتورکیا لە 2007/9/28 رێککەوتننامەیەکی هاریکاریی ئەمنیان مۆر کرد مەبەستی سەرەکی دەستخستنە ناو کاروباری هەرێمی کوردستانە، ئەویش جگە لە حکومەت وپەرلەمانی کوردستان کەس دژایەتی و نیگەرانی خۆی بەرامبەری دەرنەبڕی هەر وەك چۆن بەرامبەر ئەم هەموو تۆپبارانکردنەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و داخستنی خاڵە سنوورییەکان متەقیان لێوە نەهات و غیرەتی مردووی ئیسلامەتی و عیراقێتی- یان نە بزوفت. ئەمجارەشیان دیسانەوە کورد (بێکەس وداماو) خۆی بەتەنیا شیوەنی گێڕا.

سێیەم ماددەی 140:

کوردی لێبترازی، هەرچی هەیە و دەمی دەکاتەوە نەیار و دژی جێبە جێکردنی ماددەی 140-ە، کە مادەیەکی دەستوورییە و گەرەکیانە بە بیانووی دواخستنی لەباری بچوێنن. لەم پرسەشدا داخی گرانم تاك وتەنهاین.

چووارەم گرێبەستی وەبەرهێنانی نەوت:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-10-2007 16:56

لەم بوارەشدا حکومەتی عێراق، بە سوننە وشیعە و هەروەها کاربەدەستەکانی ئەمریکاشەوە دژی ئەوەن کورد خۆی خاوەنی مافی وەبەرهێنانی نەوت و گاز بێت لە کوردستاندا، واتە نابێت بە بێ ئاگادراری و رەزامەندی عەرەبی برا گەورەمان لەم بوارەدا ورتەمان لێوە بێت.

ئێمەی کورد لە کاتێکدا خۆمان بە هاوبەشێکی سەرەکی لە دەسەلاتداریێتی و فەرمانڕەوایەتی و بیناکردنی عێراقێکی تازەدا دەبینین ئەوە حاڵمان بێت و خۆمان لەم گۆشە تەسك و نامۆیەدا ببینینەوە، سەرباری ئەم هەموو قوربانی وماندوبوون و تەنازولەی بەخشیمان لە پێناو یەکگرتنەوەی عێراق و سەرکەوتنی پرۆسەی دارمان و دوای دارمانی رژێمی دکتاتۆری ناوەندیی عێراق، ئاخۆ لە داهاتوودا، گەر وریا و یەکگرتوو و ئەکتیف نەبین، ئەم دۆست و دوژمن و هاوپەیمانانەمان دەبێت لە کامە کونجی فەرامۆشیمان بئاخنن؟. گەلۆ وادیارە تاکو ئێستاش دۆستی راستەقینەمان هەر چیاکانن!.

E-mail: sh. a007@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.